# نه خلّه تێی

نووسه ر: یه ڵماز گۆ نه ی

وه رگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف

منداڵ وتی : منیش دێم بۆ لای لالۆم .

لالۆی له به ندیخانه دا بوو، باوکی وتی : باشه ڕۆڵه ،

دایکی ئه و خواردن و خۆراکه ی که لالۆ ی حه زی لێ بوو ، ئاماده ی کرد و بۆیانی پێچایه وه و ده گه ڵ چه ن ده س جل و به رگی پاک و خاوێن و شۆراو ، نایه نێو جانتاییکی نایلۆنی گوڵ گوڵین. پاشان له منداڵی پرسی : ئه تۆ چی بۆ لالۆت ده به ی ؟

منداڵ وتی : کشمیش و مێوژی بۆ ده به م .

باوک و کوڕه که وتنه ڕێ . له نێو ڕێدا هه ندێ کشمیش و مێوژ، نۆک، پاکه تێ جگه ره، هه ر وه ها مێوه و برێک سه وزه ی خواردنیشیان کڕی .

منداڵ وتی : لالۆم حه زی له جافریشه .

جافریشیان کڕی . به ر ده رکه ی زیندان پڕ قه ره باڵغ بوو.

بۆ بینینی لالۆی ، کوڕه و باوکی له نێو نۆره دا ڕاوه ستان. ئه وانیش نۆره یان گرت . منداڵ که یه که مجار بوو زیندانی ده دی، به سه رێپێکه وه چاوی له هه موو شوێنێ ده کرد.

یه ک له ئاشنایان که له دیمانه و بینینی یه ک له که س و کاری له زیندان ده گه ڕایه وه ، به باوکی کوڕه ی وت : چاوم به (ڕه زا) ی تۆش که وت. داوای جووتێ پێڵاوی ده کرد. ژماره ی چل بێ .

ڕه زا ناوی لالۆی کوڕه بوو. باوک به منداڵی وت : کوڕم ئه تۆ هه ر لێره دانیشه ، وریای که ل و په له که به ، من ده چم جووتێ پێڵاو ده کڕم و زوو ده گه ڕێمه وه.

مناڵ له سه ر ئه و جێگه ی که باوکی دانیشتبوو، کورپه ی کرد،

باوکی وتی: ڕۆڵه وریای که ل و په له که به، لێتی نه دزن.

مناڵ وتی : باشه بابه گیان، نایه ڵم.

له به ر ئه وه ی که ل و په له که ی لێ نه دزن،ته واو ئاگای لای شت و مه که که ی بوو، ده ستێکی خسته سه ر جانتای جل و به رگه که و ده سته که ی تریشی له سه ر تۆشه ره ی سه وزه که دانابوو.

زۆر به وردی و بگره به ترسیشه وه جوان ئاگای له هه موو شتێ هه بوو.

باوکی پێی وت : " وریای بی ، لێتی نه دزن" .

دیار بوو له نێو ئه و هه موو حه شامه ته دا ، له به ر ده رکه ی زیندان ، یه کێ ئه یتوانی که ل و په له که ی لێ بدزێ.

به لام خۆ نه یده زانی له و خه ڵکه کامه یان ده بێ دز بێت.

له و بیر و خه یالانه دا بوو که پیره مێردێکی ده م به پێکه نین لێی نێزیک که وته وه و وتی : کوڕم !...چه مه ڕای کێی ؟

مناڵ وتی : چاوه ڕوانی باوکمم.

کابرا وتی کوڕی کێی؟

کوڕی یۆسووم.

که ئاوا... ده بێژه... ئه تۆ کوڕی یۆسووی خۆمانی .

زۆر چاکه . ئه ی باوکت کوا ؟

باوکم چووه پێڵاو بۆ خاڵۆم بکڕێ، منیش وام به لای که ل و په له که وه .

ده ی... وریا به کوڕم لێتی نه دزن.

چاو... منیش هه ر بۆیه ئاگام له که ل و په له که یه!... ده ستێکم

له سه ر ئه م جانتایه و ده سته که ی دیکه شم له سه ر جانتاکه ی دی.

ئافه رم کوڕم ... ئافه رم... زیره ک به ...

مناڵ وتی : ئه مانه که ل و په لی لالۆ ڕه زامن... ئه یناسی؟...

ئه ی چۆن نایناسم.

مناڵ لێو به بزه سه رێکی بۆ ڕاوه شاند.

پیره مێردی نائاشنا وتی : " لالۆ ڕه زات زۆر چاک ده ناسم"

کابرا ده ستی کرد به دواندنی کوڕه و ده ستێکیشی هێنا به نێو قژه کانیا

و له په نا ده ستیه وه دانیشت.

مناڵ وتی : ئه تۆش بۆ لای خاڵۆم هاتووی؟

کابرا وتی : ده جا دیاره ، په یغاوی بۆ ناردووم بچم بۆ لای.

مناڵ وتی : ئه تۆش کوڕت هه یه ؟

کابرا وتی : ئه رێ ، هه مه، ئه ویش پێنج کوڕ. تازه ئه وانیش بۆ خۆ کوڕیان هه یه.

مناڵ وتی : دوو ددانم که وتوون.

کابرا وتی: دا بزانم.

منداڵ ده می کرده وه ، کابراش وتی : ئه منیش سێیانم که وتوون.

کابرا ده می کرده وه و جێی ددانه به تاڵه کانی پێ پیشان دا،

له و لاشه وه چاوێکی له جانتای کوڕه بوو و لێی پرسی : " چیت بۆ

خاڵۆت کڕیوه؟"

هه موو شتێ. حه زی له جافرییه ، بۆم کڕیوه. کابرا وتی : ئه زانم ،

ئه زانم، لالۆ ت زێتر له هه موو شتێ، حه زی له جافری و به سته نییه،

ئه ی به سته نیت بۆ کڕیوه؟

مناڵ وتی : نا، باوکم بێته وه، به سته نیشی بۆ ده کڕم.

کابرا وتی : چاو ، ئیدی ئه وه نه بوو. لالۆت زۆر حه زی له

به سته نییه. ده بێ بچی به سته نی بۆ بکڕی .

منداڵ وتی : منیش حه زم له به سته نییه.

ده جا ماتڵی چیت، منیش هه م بۆ خۆت و هه میش بۆ لالۆت

به سته نی ده کڕم . چواردانه به سته نی قیفی بکڕه، یه کیان بۆ خۆت، یه ک بۆ لالۆت ، یه ک بۆ من و یه کیش بۆ باوکت.

کابرای پیره مێرد پێنج لیرییێکی دا به کوڕه و ده ستی ڕادا بۆ کابرای به سته نی فرۆش که کراسێکی شۆڕی سپی چوار چه رخه یێکی پێ بوو.
منداڵ پاره که ی وه رگرت و به ره و لای کابرای به سته نی فرۆش دایه غار. به سته نییه کانی کڕی و گه ڕایه وه. که چی کاتێ گه یشته وه ، نه کابرای پیره مێرد مابوو و نه ش که ل و په له که ی. ده ستی کرد به گریان. باوک چاوی به کوڕه ی که وت که ئه گریا و به سته نییه کانیشی ببوونه ئاو و به ده ستیا چۆڕه یان ده هات،
جا لێی پرسی : چبووه کوڕم ؟ بۆ ده گری ؟
منداڵ به سه رهاته که ی بۆ باوکی گێڕایه وه . باوک په شۆکاوانه
چه پ و ڕاستی خۆی چاو لێکرد به ڵام کابرا سه ر و شوێنی نه بوو.
ده تگووت چووه به بن عه ردێ دا.
باوک وتی : مه گری کوڕم ، ئیدی به سه... لێی گه ڕێ. گیانت سه لامه ت .
کاتێ خاڵۆ ڕه زای به سه رهاته که ی بیست،
وتی : خوشکه زای خۆشه ویستم !... ده زانی ماسی چلۆن ڕاو ئه که ن؟
منداڵ وتی : نا، نازانم.
لالۆی پێکه نی و وتی : سه ری قولاپی ماسیگرییه که ، ورده هه ویری
پیوه ده که ن. یانێ به و چه شنه سه ر و نووکی تیژی قولاپه که ی پێ ده شارنه وه ، ماسی داماو دێ و ئه که وێته داو. به ڵام هه ر هه وڵیش ده دا خۆی ڕزگار کا و په له قاژه یه تی. که چی ئیدی هه وڵه که ی بێ هۆیه و که ڵکی بۆ نابێ. چوونکه قولاپه که ی پێوه نووساوه.
خاڵه گیان، کاتێ که سێ نا‌ناسی،که ویستی شتێکت بداتێ، بکه وه بیری ماسییه که و له خۆت بپرسه ئه م کابرا له به ر چی ئه مه م پێ ده دا! ئه م کاره چ قازانجێکی بۆ هه یه، هه ر ئه م بیر و فیکره وات لێ ئه کا که ئاگات له خۆ بێ و به قولاپه که وه نه بی؛
خوشکه زای ڕه زاشیرینم له م ده ور و زه مه نه دا که س له خۆڕا پیاوه تی ده گه ڵ که سی دی ناکات.

وه رگێڕ بۆ فارسی : دوکتۆر ئیره ج نه وبه خت